زنجیرە ڕێنمایەکانی دێرین (الأثر) ژمارە ( ٣ )

# وابــزانــە
# ئاخیر ڕەمەزانتە لەژیان !

رمضان كريم

نوسینی
باوکی حارث

پەرتوکخانەی دێرین لە سۆران

ژمارەی مۆڵەت ٩٢ی وەزارەتی ڕۆشەنبیری پێدراوە

**الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على خاتم المرسلين وعلى الـه وصحبه اجمعين امابعد :**

**ئەم جارەش خوای بەرز بەفەزڵی خۆی ئێمەی گەیاندەوە ڕەمەزان بالەسەر ئەوە سوپاسی خوا بکەین بەلاّم با وابزانین جاریّکی ترناگەینەوە بەڕەمەزان؛ پیّغەمبەری خوا ( ﷺ ) ئەی فەرموو : ( إذا قمت في صلاتك فصل مودع ، ولاتكلم بكلام تعتذر منه غدا ،واجمع الإياس ممافي أيدى النـاس )[1] واتە : ( ئەگەر هەڵسای بەنوێژکردنت ئەوە نوێژبکە نوێژێکی وا وەك کەسێك ئاخیر نوێژی بیّ و ماڵ ئاوای بکا ، وەقسەیەك مەکە کەبەیانی بەدوای عوزر بگەڕیّی بۆی و عوزری بۆبێنیتەوە ، وەبیّ ئومێدی کۆبکەوەلەوەی لەدەستی خەڵکیەچاوی تیّ مەبڕە ) ؛**

**جاکەسێك وابزانیّ پاشی ئەم نوێژە ئەمریّ نوێژەکەی چۆن ئەکا ؟! ئەوە بۆنوێژ کەنزیکن لەیەکەوە زوو دووبارە ئەبێتەوە ئەی چی بۆ ڕەمەزان کەساڵیّ جاریّکە؟! یانی تۆئەبیّ وابی کەتەمات نەبی بگەیەوە نوێژێکی تر چ جای تەمای ڕەمەزانێکی ترت هەبیّ ؛ لەبەرئەوە ئەبوبەکری صدديق رضي الله عنه ئەیفەرموو : ( كل أمريء مصبح في أهله ، والموت أدنى من شراك نعله )[2] واتە : ( هەمووکەسێك بەیانی ئەکاتەوە لەناو کەسو کارەکەی ، وەمردن نزیك ترە لێی لەئاوەزێنەی پێلاّوەکەی ) ؛ وامەزانە خەڵك ئەمرن تۆ نامری ؛ وامەزانە مردن تەنها بۆنەخۆشو پەکەوتەکانە؛**

[1] سلسة الأحاديث الصحيحة ٤٠١

[2] رواة البخارى

وامەزانە مردن تەنها بۆبەساڵاچووەکانە ؟ ئەی قەت سەردانی گۆڕستانت نەکردووە؟! نەت بینیوە چەند گەنج و منداڵ والەژێرخاکان ؟ نەت بینیوەچەندەکەس لەتۆ گەنج تربوون بەتواناتربوون ئێستا وا تۆئەچیتە سەرگۆڕیان ؟ ئەی نابێ ئەوە دەرس و عیبرەت بێ بۆمان ؟! بەچی بنازین بەچی فریو بخۆین کەنەفسی خۆمان بەدەستی خۆمان نییە زەمانەتی یەك نەفس لەدەستمان نییە؟ ئەگێرنەوە سێ کەس بەیەکەوە باسی هیوا درێژیان دەکرلەدونیا؟ یەکیان ووتی: من هەرساڵێك بەسەرم ئەسورێتەوەئیتروائەزانم ساڵێکی تر زیاترناژیم؟ ووتیان تۆهیوایەکی درێژت هەیە؟ ئەوەی تر ووتی : من هەرمانگێك بەسەرم دا ئەسوڕێتەوە وائەزانم مانگێکی ترزیاتر ناژیم ؟ ووتیان تۆش هیوایەکی درێژت هەیە؟ لەوی تریان پرسی باشە ئەی تۆ؟ ووتی: (( من کەنەفەسێك ئەدەم هیوام نیەبەنەفەسێکی تربژیم وائەزانم ئاخیر نەفەسەچونکە نەفسی من بەدەستی من نیە ئیترچۆن هیوام هەبێ ؟!!))) بەڵێ پێغەمبەری خواش ( ﷺ ) لەوە ئاگاداری کردوینەتەوە کەهیوای درێژمان هەبێ بەدونیاو وابزانین هەتاهەتایە؟ وەك ئەفەرموێ : (كن في الدنيا كانك غريب او عابري سبيل )[٣] واتە : (والەدونیا بژی وەك کەسێکی غەریب یان وەك کەسێکی ڕێبوار) وكان ابن عمر يقول : (اذا امسيت فلا تنتظر الصباح واذا اصبحت فلاتنتظرالمساء وخذمن صحتك لمرضك ومن حياتك لموت )

---

[٣] رواة البخارى

واته : ( عبدالله ى كوڕى عمر خواليێيان ڕازى بێت ئەى فەرموو: ئەگەر شەوت بەسەرداهات ئەوەچا وەڕێى بەيانى مەكە ، وەئەگەر بەيانيت بەسەرداهات ئەوەچا وەڕێى شەومەكە ، وەلەوكاتەى تەندروستيت باشە كردەوەى چاك بكە بۆئەو كاتەى كەنەخۆشى بۆت ناكرێ ، وەكەلە ژيانى كردەوەى چاك بكە بۆمردنت ) وەلەريوايە تێك ئەوەشى فەرمووە : ( وعد نفسك في اهل القبور ) واتە : خۆت وابژمێرە كەئەهلى گۆڕستانى _ لەناو گۆڕيت ) دەبائەو مانگە لەدەستمان نەچێ كەمانگى خێرو لێخۆشبونى خوايە لەتاوان باران وەك پێغەمبەرى خوا ( ﷺ ) ئەفەرمووێ : ( ان هذا الشهرقد حضركم ، وفيه ليلة خيرمن الف شهر ، من حرمها فقد حرم الخير كله ، ولا يحرم خيرها الا المحروم )[٤] واتە : ( ئەومانگە هاتە لاتان ، وەشەوێكى تيايە خێرترە لەهەزارمانگ ، هەركەسێ لەخێرى بێ بەش بێ ئەوە لەهەمووخێرێك بێ بەش بووە ، وەكەسێك لەخێرى بێ بەش نابێ ئيلا ئەوەى خۆى بێ بەش بێ ) . وەهاتوە لە ابوهريرة ﷺ : ( أن رسول الله ﷺ صعد المنبر فقال آمين آمين آمين قيل يارسول الله إنك صعدت المنبر فقلت آمين آمين آمين إن جبريل عليه السلام أتانى فقال من أدرك شهر رمضان فلم يغفر له فدخل النار فأبعد الله قل آمين فقلت آمين ومن أدرك أبويه أو أحدهما فلم يبرهما فمات فدخل النار فأبعد الله قل آمين فقلت آمين ومن ذكرت عنده فلم يصل عليك فمات فدخل النار فأبعد الله قل آمين فقلت آمين )[٥]

---

[٤] صحيح الترغيب والترهيب ٩٩٠

[٥] صحيح الترغيب والترهيب ١٦٧٩

واته : ( پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) سەرکەوتە سەرمینبەر فـەرمووی آمـین آمـین آمین ووتیان ئـەی پێغەمبـەری خـوا ( ﷺ ) تۆسـەرکە وتیـە سـەرمینبەر فـەرمووت : آمـین آمـین آمـین فـەرمووی : ئـەوەجبریل علیەسـلام هاتـە لام فەرمووی : هەرکەسێ بگا بەمانگی ڕەمـەزان و خوالـە گوناهـەکانی خـۆش نەبێ و بچێتە ناو ئاگر ئەوە خوا دووری خاتەوە بڵـێ آمـین منـیش ووتـم : آمین وەفەرمووی ئەوە بگات بەدایك و باوکی یان بە یـەکێکیان و چـاکەیان لەگەڵ نەکات و لەگەڵیان باش نەبێ جـا بمرێ بچـێتەناو ئاگرئـەوە خـوا دووری خاتەوە بڵێ آمین منیش ووتم : آمـین، وەفەرمووی ئەوەی نـاوی تـۆی لابهێنرێ وەسـەلاوات نـەدا لەسـەرت جـا بمرێ وبچـێتە نـاو ئـاگر ئـەوا خوادووری خاتــەوە بڵــێ آمین منـیش ووتم : آمـین ) . ئینجابزانـە کـاتێ مردنیش هات و کۆتای بە ژیانت هـات مۆڵـەتت پـێ نـادرێ و دوا نـاخرێ ساتێکیش و چرکەیەکیش ! خوای گەورە ئەفـەرموویێت : ﴿ وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ﴾ الأعراف: ٣٤

واته : ( وەهەموو ئومەتێك =کەسێك= کاتێکی دیاری کـراوی هەیـە = بۆدەست پێ کردن و نەمانی = کـەکاتی دیـاری کـراوی ئەجەلی=نـەمانی= هات ئەوەساتێك دواناخرێت و ساتێك پێش ناخرێت ) . جاتـازووە تەوبـە بکە پێش ئەوەی مردن بێت ومەجالی پەشیمانیت نەمێنێ !

خـــــواى گـــــەورە ئەفـــــەرمووێ : ﴿ وَلَيْسَتِ ٱلتَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ إِنِّى تُبْتُ ٱلْـَٔـٰنَ وَلَا ٱلَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمْ كُفَّارٌ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴾ النساء: ١٨

واتە : ( وەتەوبە بۆئەو كەسانە نیـە كـەكردەوەی خراپ=تـاوان= ئەكـەن هەتا یەكێك لەوانە مردن ئەی یگاتێ =ڕۆحی ئەچێتەگەرووی= ئێنجائەڵێ من ئێستا تۆبەئەكەم وە تەوبە بۆ ئەو كەسانەش نیە كەئـەمرن وە ئـەوان كافرن ئەوانە بۆمان ئامادەكردوون سزایەكی بەئێش ).

وەئەفـــــەرمووێ : ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ ۝٩٩ لَعَلِّىٓ أَعْمَلُ صَـٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ ۚ كَلَّآ ۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا ۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴾ المؤمنون:٩٩-١٠٠

واتــە : ( هــەتا یــەكێكیان مــردن ئــەی گــاتێ ئــەڵێ ئــەی پــەروەردگارم بمگەڕێنەوە بەڵكو كردەوەی چاك بكەم لەوەی كەلەدەستم چوو نەخێر ئەوە قسەیەكە بۆخـۆی ئـەیكا=بۆی نیـە بگەڕێتـەوە دونیادووبـارە= لـەدوای مردنیان پەردەیەك=بەرزەخ= هەیە تائەوڕۆژەی كەزیندو ئەكرێنـەوە ). وە پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) ئەفـەرمووێ : ( إن الله تعـالى يقبل توبةالعبد مـالم يغرغر )[٦] واتە : ( بەتەئكیدخوای بـەرز تەوبـە وەر ئـەگرێ لەبەنـدە تـا

---

[٦] صحيح الجامع ١٩٠٣

ڕۆحی نەچوبێتە گەرووی =غەرغەرەی نەکا ) . ئیتر باتا زووە تەوبەبکەین خوای گەورەش تەوبە وەر ئەگرێ لەهەمووکەس وەخوای بەرز بەڕەحمە هەرکەسێك بەڕاستی تەوبە بکات و پەشیمان ببێتەوە لەتاوانەکانی خۆش ئەبێ بەڵکو ئەگەر ڕاستگۆبێ لە تەوبەکەی تاوانەکانیشی بۆئەکا بەچاکە! خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا ﴿٦٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَٰئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ ۗ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ الفرقان: ٦٨ - ٧٠ واتە : ( ئەوانەی لەگەڵ خوا داوالەکەسێکی ترناکەن ( جائەم کەسە جنۆکەبێ ، پێغەمبەربێ ، پیاوچاك بێ ، قەبر بێ ، مەلایکەت بێ هەرچی بێ ......هتد )[٧] وەکەسێك ناکەنەشەریکی خوا- وەنەفسێك ناکوژن کەخواحەرامی کردووە ئیللابەحەق نەبێ وەزینا ناکەن ، هەرکەسێك ئەمانە بکا توشی سزا ئەبێت . سزای بۆزیاد ئەبێ لەڕۆژی قیامەت وە لەسزائەمێنێتەوە هەتاهەتایە بەڕیسوای وسوکی . ئیللائەوەی تەوبە بکاوبڕوابێنێ وەکردەوەی چاك بکا ئەوانە خوا تاوانەکانیان بۆئەگۆڕێ بەچاکە وەخواش لەتاوان خۆش ئەبێو بە بەزەییە ).

---

[٧] ئامادەکار بۆی زیادکردوە

وه پێغەمبەری خواش ( ﷺ ) ئەفەرمووێ : ( لواخطاتم حتى تبلغ خطا ياكم السماء ، ثم تبتم لتاب عليكم )[٨] واتە : ( ئەگەر تاوان بکەن تا تاوانەکانتان ئەگات بەئاسمان – ئەوەندە زۆربێ – پاشان تەوبەبکەن خواتەوبەتان لێ وەرئەگرێ ) . ئیتر بالە وڕەحمەتەی خوا خۆمان بێ بەش نەکەین و تازووە تەوبە بکەین خوایارمەتی دەری هەموولایەکمان بێت و لەخێری ئەومانگە بێ بەشمان نەکات و تەوبەمان لێ قبول بکات .

((( وصلى الله على محمد وآله وصحبه وسلم )))

لەدوعای خێر بێ بەشمان مەکەن

ئەم بلاوکراوەیە لەلایەن چەند کەسێکی خێرخوازەوەدەرئەچێت ،
سەربەهیچ لایەن و ڕێکخراوێك نیە مەبەست لەبلاوکردنەوەی شارەزاکردنی موسڵمانانە لەدینەکەیان ،
چاوەڕوانی بابەتی تربن

www.regayislam.com
www.fermude.com

[٨] سلسة الاحاديث الصحيحة ٩٠٣